گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەخنەی ژینگەیی لە ناملیکەی شیعری(منداڵ و ژینگە)ی (محەمەد داریاس) دا

**م.ی عومەر محەمەد صالح**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.
omer.mohammed@uor.edu.krd

**د.هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا**
بەشی خاك و ئاو، کۆلیژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hero.mustafa@su.edu.krd

**پ.صافیە محمد ئەحمەد**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
Safya.kurde@uor.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١١/٢٦
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*environmental criticism, children literature, environment, education, pollution*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.13

**پوختە**

ڕەخنەیی ژینگەیی وەك میتۆدێکی نوێ و هاوچەرخ، کە لا لە بنەما ژینگەییەکانی سروشت و گۆی زەوی دەکاتەوە، بەوەی ئەو هۆکار و سەرچاوە و کارەساتە سروشتی و دەستکردانە دیاری بکات، دەبنە هۆی وێرانبوون و پیسکردنی ژینگە بە شێوە و ڕێژەی هەمەجۆر. لە ڕەخنە ئەدەبی کوردیدا چەند توێژینەوەیەکی کەمی لەبارەوەکراوە و ناگەنە پەنجەکانی دەست، هەموو ئەو توێژینەوانە لە ئەدەبی گەورە ساڵان ئەنجامدراون و لە کاتێکدا لە ئەدەبی منداڵاندا زۆر بە چڕی و وردی ئەو ڕەخنەیە ڕەنگیداوەتەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ڕووی چەندیتییەوە لە زیادبووندایە. ئەدەبی منداڵان بە هەموو ژانرەکانیەوە یەکێك لە ئەرك و گرنگییەکەی لە پاڵ ئیستاتیکا و خۆشی و چێژبەخشین بە منداڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەهەندی پەروەردەییە و یەکێکە لە بنچینەکانی ئەو جۆرە ئەدەبە؛ بۆیە چەسپاندنی بنەما و ڕێنماییەکانی پاراستن و گەشەسەندن و خزمەتکردنی ژینگە دەبێت لە پەروەردەوە بەرنامەی تۆکمەی بۆ دابڕێژرێت و شاعیر و نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردیش چەندین بەرهەمی تەژییان لەمەڕ نوسیون.

لە توێژینەوەکەمان ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە و لە چەند بەشێك پێك دێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ژینگەیی و گرنگی و ئەرك و پێویستی لە ئەدەبی منداڵاندا، بە تایبەتی ئەو جۆرانەی، کە پێویست و گرنگن منداڵ لە سەرەتا و قۆناغی زووی تەمەنی بیانزانێت، ڕاستەوخۆ لە یادگە و هزریدا جێگیر دەبێت و لە کردار و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، بەمەش ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە پاراستن و گەشەپێدانی بەها و بنەما ژینگەییەکان.

بەشی دووەم تایبەتە بە پەیوەندی ڕەخنەی ژینگەیی و ئەدەبی منداڵان، هەموو ئەو جۆرانەی ڕەخنەی ژینگەیی، کە شاعیر لەو نامیلکەیەدا باسیکردوون، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر عەقڵی نائاگای منداڵ هەیە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، لەگەڵ ئەو ژێدەرانەی سوودیان لێوەرگیراوە لە کۆتاییدا خراونەتە بەرچاو.

## پێشەکی

ڕەخنەی ژینگەیی، وەك میتۆدێکی نوێی هاوچەرخ، لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی سروشت و جیهان، وەك پێویستییەکی سەرەکی لە پێناوی مانەوە و ژیان سەریهەڵداوە و هاتۆتە بەرهەم، چونکە ئەو پیسبوونەی سەرانسەری جیهان و گشت پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سروشتی گرتۆتەوە لە ئاسمان و گۆی زەوی و هەسارەکان...هتد، ئەو میتۆدە ڕەخنەییە بە ئامانجی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتووە. دەقی ئەدەبی کردۆتە بڵندگۆیەك بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی مەترسییە نەرێنییەکانی ژینگە بۆ سەر ژیانی بوونەوەرانی سەر زەوی. گرنگی دەدات بە ڕێنوێنی کردن و پەروەردەی ژینگەیی  لە پاڵ خستنەڕووی چارەسەر بۆ ئەو کێشە و گرفتانە.

## هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

ئەدەبی منداڵانی کورد جیهانێکی فراوان و دەوڵەمەندە، نوسەرانی ئەو جۆرە ئەدەبەش، هەمیشە لەگەڵ لایەنی ئیستاتیکی و چێژبەخشین ئەرك و بەرپرسیاریەتی مرۆڤانەیان کردۆتە بنەمای سەرەکی و هەوڵیان داوە لە بەرهەمەکانیان بەها و ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاری لە خۆ بگرن؛ بۆیە ئەو میتۆدە ڕەخنەییە زۆر گونجاو و یەکانگیرە لەگەڵ ئەدەبی منداڵاندا، بەوەی منداڵ فێری ژینگەپارێزی بکرێت و گرنگی و کاریگەری ژینگەدروستی بۆ ڕوون بکرێتەوە. قۆناغی منداڵی ساتی چاندن و موتوربەکردنی بەها باڵاکانە لە مێشکی منداڵ و کارکردن لەسەر عەقڵی نائاگای،  کە ئەمەش لە ڕێگەی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانەوە زۆر بەباشی دەستەبەر دەکرێت.

## گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

کارکردنە بۆ دەرخستنی جۆر و لایەن و بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی لە ئەدەبی منداڵاندا (ئەو نامیلکە)یەی بە نموونە وەرمانگرتووە، کۆکە لەسەر چەسپاندنی بەها ئەرێنییەکانی پاراستنی ژینگە و ڕێگری کردن لە زیاتر پەرەسەندنی پیسبوونی ژینگە.

## گرفت و کێشەی توێژینەوەکە:

بەستنەوەی ڕەخنەی ژینگەیی و ئەدەبی منداڵانە بە هەڵبژاردنی ئەدەبی منداڵان، وەك کەرەستەی توێژینەوەکە، کە تا ئێستا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا  نەکراوەتە کەرەستە و هەموو توێژینەوەکان لە ئەدەبی گەورە ساڵان و شیعری هاوچەرخدا ئەنجامدراون.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

وەسفی- شیکاری پراکتیکییە بە پشت بەستن بە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی و پراکتیککردنی لەو دەقانەی لەونامیلکە شیعرییەدا ئامادەن.

### سنوری توێژینەوەکە:

تەنیا نامیلکە شیعری (ژینگە و منداڵ)ی شاعیری ئەدەبی منداڵان موحەمەد دارياس هەڵبژێردراوە ، کە بە شێوەی پراکتیکی چڕ و ورد هەموو دەقەکان لە ژێر ڕۆشنایی مێتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی شیکراونەتەوە.

### چوارچێوەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: تیۆرییە و تایبەتکراوە بە ڕەخنەی ژینگەیی، کە تێیدا چەمك و پێناسە و گرنگی ئەو میتۆدە و پەیوەندی بە ئەدەبی منداڵان خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم: تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی ئەم میتۆدە و دەرخستنی گشت ڕەهەند و لایەن و جۆرەکانی لەو بەرهەمە شیعرییەی وەك کەرەستەی توێژینەوەکە هەڵمانبژاردووە.

توێژینەوەکە چەند ئەنجامێکی بەدەستهێناوە. لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە کۆتایدا خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: ڕەخنەی ژینگەیی و ئەدەبی منداڵان:

### ١/٠ ڕەخنەی ژینگەیی (چەمك و ناساندنێکی کورت):

میتۆدێکی گرنگ و نوێ و هاوچەرخە، کە مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە و لە ڕۆشنبیری ئەنگلۆساکسۆنی سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا، کاتێك زانکۆ ئینگلیزەکانی (هارفارد و لەندەن و هامبۆرگ و ئۆکسفۆرد و وبۆن) بە تەنگ توێژینەوە ژینگەییەکانەوە بوون و پرۆفیسۆرەکانیان گرنگیەکی زۆریان بە فیلدە ژینگەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دەدا؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە یەکەم جار زاراوەکە لە ساڵی 1978 لەلایەن (ویلیام روکریت) بەکارهێنرا لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ئەدەب و زانستی ژینگە ئەزموونێك لە ڕەخنەی ژینگەیی)، کە دواتریش کتێبی (ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی) لە ساڵی 1994 نووسی (السلطاني و العلي و الجنابي، 2021، 27). دوای حەفتاکان لە ئەنجامی زیادبوونی کێشە ژینگەییەکان و هاوکات بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و توێژینەوەی زیاتر و وردتر لەو بوارە و پێکهاتنی ڕێکخراوی جیهانی بۆ پرسە ژینگەییەکان میتۆدە ڕەخنەییەکەش شەپۆل و بواری فراوانتری گرتەوە. سەبارەت بە زاراوەی میتۆدەکە خاوەن کۆمەڵێك زاراوەیە و(جمیل حمداوی) ئاماژەی بەمانە کردووە (حمداوی، 2011: 296) و شیکردنەوەیەکی کورتمان بۆیان کردووە:

- ئەدەبی سەوز (النقد الخضراء) بەو واتایەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی باس لە سەوزایی و گرنگییەکەی دەکەن، کە بۆ جوانی و تەندروستی ژینگە و ئەو ڕۆڵە سەرەکی و کارایەی هەیەتی لە پاراستنی و بە جوانی و پاکڕاگرتن و هێشتنەوەی و پاراستنی لە پیسبوون.

- ڕەخنەی ژینگەیی (النقد البیئوي): وەك زاراوەیەك بەکاردێت بۆ ئەو دەقە ئەدەبییانەی، کە باس لە ژینگە و پێکهاتە و گرنگی و هۆکارە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەکەن، بە مەبەستی پاراستن و هێشتنەوەی بە تەندروستی، کە ئەمە زیاتر لە ئەدەبی منداڵاندا پانتایی زیاترە.

- ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (النقد الإيكولوجي): دەتوانین بڵێین لە هەموو ئەو زاراوانە فراوانترە، چونکە کۆی ئیکۆ سیستەمی گەردوون دەگرێتەوە بە هەموو پێکهاتەکانی و ئەو کاریگەری و کارلێکانە دەخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردانەوەیان هەیە لەسەر لایەنی باش و خراپی یان پاکی و پیسبوونی ژینگە.

- شیعرییەتی ژینگەیی (الشعرية البيئة): ئەو دەقە ئەدەبییانە دەگرێتەوە، کە خودی شیعرییەتی ژینگەیی بەسەر ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی شێوازی نوسینەکەیەوە زاڵە لە پێناوی داکۆکی کردن لە جوانی و ڕازاوەیی ژینگەدا نووسراوە.

- لێکۆڵینەوەی کەلتوری سەوز(الدراسات الثقافيه الخضراء): ئەو زاراوەیەش فراوان و فرە ڕەهەندە، چونکە ڕەخنەی ژینگەیی پەیوەندی پتەوی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چین و تەنانەت ڕەگەزەکانی ناو کۆمەڵگا و ئاستی ڕۆشنبیری و ئەو کەلتورە هەیە، کە لەو وڵاتە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەم و قۆناغە هەیە و پەیڕەو دەکرێت، چونکە ژینگە بە پێی جیاوازی و جۆراوجۆری ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگا و وڵاتێك لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و خۆ گونجاندن و کاردانەوەیان، لەگەڵ تەکنەلۆژیا چاکسازی و پێشکەوتن، یان داڕووخان و وێرانبوونی پێوە دیار دەبێت ((لەبەرئەوەشە، کە کرۆکی ژینگە و کەلتور بەرکەوتەن بۆ گۆڕانکاری، بەمەش کردەی خۆ گونجاندن زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت و سیفەتی نوێ بەدەست دێنێت.)) (الخلیل، 2022: 103).
واتا: چۆن ئاستی ڕۆشنبیری و هزری و پێشکەوتنی گۆمەڵگا و گۆڕانەکانی سەرخان و ژێرخان ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ڕەفتاری تاك و نەوە لەدوای یەکەکان، گۆڕانە ژینگەییەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندا دەبن بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی؛ بۆیە ڕەخنەی ژینگەیی تیکەڵ بە بوار و زانستەکانی تری وەك ئایین و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ...هتد بوو؛ بۆیە توێژەرێك لەم بارەیەوە دەڵێت:((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی باس و خواسێکی چەند ئاڵۆزە تێکەڵ بە هەموو بوارەکانی ژین و ژیان و ژینگە و ئیکۆسیستەمی ئەم گەردوونە بووە و بە تایبەتیش دوای سەرهەڵدانی کاپیتالیزم و کۆلۆنیالیزمی لەلایەن زلهێزەکانی جیهان و زیادبوونی ئارەزووی بێسنوری بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی و تەنانەت کاریان لەسەر داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ژینگەی دەروونی و ئایدۆلۆژی تاکی ئەم نەتەوانەش کردووە، کە داگیریان کردووە)) (عەبدوڵڵا،2022: 68) ڕەخنەی ژینگەیی لە سۆنگەی فراوانبوون و پەیوەستبوونی بە هەموو ئەو پێکهاتانە گەردوونیانەی، کە بەردەوام لە گۆڕان و فراوانبووندان چەندین پێناسەی هەمەجۆر و جیاوازی بۆکراوە، هەریەکە و لە گۆشەنیگایێك و بەستنەوەی بە ئاڕاستە و ڕەهەندێکەوە بۆی چووە لەوانە:
- چێرلی گلۆتفێلی پێی وایە، کە ڕەخنەی ژینگەیی بە شێوەیەکی سادە: ((ئەو ڕەخنەیەیە، کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ئەدەب و ژینگەی ماددی دەکات، وەك چۆن ڕەخنەی فیمینستی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب دەکات لە تێڕوانینی هۆشیاری ڕەگەزی و ڕەخنەی مارکسی بەنگەشەی هۆشیاری و درککردن بە شێوە و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و چینی ئابووری لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان ))(جرارد، 2009: 16). جورج جرارد پێی وایە ڕەخنەی ژینگەیی: ((جۆرێکە لە شیکاری سیاسی)) (جرارد، 2009: 16).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئۆرسۆلا.ك. هایزە دەڵێت: ((ڕەخنەی ژینگەیی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکی ژینگەیی، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تێکست و گوتارە ئەدەبییەکان دەدات، واتا لە نێو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە پێگەی ژینگە و سروشت و زەوی و شوێن دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی ڕوانینی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی کێشە و بابەتەکانی ژینگە)) (محەمەد،2018: 433).

کۆی پێناسەکان دەرخەری ئەوەن، کە ڕەخنەی ژینگەیی بە پشت بەست بە تیۆرە ژینگەییەکان لێکۆڵینەوە لە ژینگە و زەوی و تەواوی ئیکۆسیستەم دەکات لە ناو دەقی ئەدەبیدا، بە گەڕان و دەرخستنی تێڕوانین و بۆچوونی نووسەر لەبارەی ئەو لایەن و پێکهاتە و کێشە و گرفتە ژینگەییانەی، کە تیشکی خستوونەسەر.

## ١/١ ئەدەبی منداڵان و ژینگەناسی

ئەدەبی منداڵان بەهەموو ژانرەکانییەوە بە گشتی دوو ئەرکی سەرەکی هەیە: ئەگەر یەکەمیان سەرچاوەی بەخشینی خۆشی و چێژبێت بە منداڵ ئەوا دووەمیان گەیاندنی پەیامێکی فێرکاری و پەروەردەیی و هۆشیارییە دەربارەی ئەو بابەت و لایەنانەی ژیان، کە پێویستییەتی و گرنگن چ بۆ قۆناغی ئێستای چ بۆ قۆناغەکانی تری ژیانی، کە بەمەش بەشداری لە بونیاتنانی کەسێتی و ئەو منداڵەدا دەکات. سەرچاوەی دروستبوون و بونیاندنانی تاك و خێزان و دواتر کۆمەڵگا و هەر وڵات و نەتەوەیەکی دروست و سەرکەوتوو لە پەروەردەی دروستەوە دەبێت.

ڕابەر و پێشەنگانی فەلسەفی ژینگەگەرایی بە تایبەتی پسپۆڕانی بواری دەروونناسیی و کۆمەڵناسی درکییان بەو ڕاستییە کردووە، کە چەسپاندنی بەهاکانی ژینگەپارێزی لە خودی ناخی تاکدا زۆر پێویست و گرنگن، یەکێك لەوانە (مایکل زیرمان) ((تیشکی خستۆتەسەر ڕۆڵی خودی لە بەدیهێنانی دروستی گەردوونی، چونکە پێی وایە ئەگەر بڕوامان بە نرخ و بەهای سروشت نەبێت، ئەوا ناتوانین بەڕێوەبردێکی ڕاستەقینەیی بەدیبهێنین و ئەو کات ئایین و فەلسەفەش هیچ کاریگەرییێکیان نابێت.)) ( مکسح، 2015: 57)؛ بۆیە پێویستە ئەوە لە مێشك و هزری منداڵاندا بچەسپینرێت و ئاشنا بکرێن بە بنەما ژینگەییەکان، چونکە وەك توێژەرێك

ئاماژەی بەوە کردووە، کە فەلسەفەی ژینگەگەرایی پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی ڕەوشتی (ئەخلاقی) و ڕابەرانی بڕوایان بەوەیە، کە تەنگژەی ژینگەیی لە قووڵاییدا تەنگژەیەکی ڕەوشتیە (الأخلاقية)؛ بۆیە درککردن بە کێشە ژینگەییەکان بەس نیە، بەڵکو پێویستە دووبارە بەها ڕەوشتییەکان بونیاد بنرێنەوە، چونکە بێ دەنگ بوون بەرامبەر دواکەوتوویی ژینگە تاوانە، چارەسەرەکەشی دووبارە ئاڕاستەکردنی مرۆڤی سەردەمە و گۆڕینی هۆشیارییەتی بە کۆششی فەلسەفەی ژینگەگەرایی (مکسح، 2015: 57). ئەوەش ڕوونە کە پەروەردەکردنی منداڵ دروستتر و ساناترە بە بەراورد لە پەروەردەکردنی تاکێکی گەورە.

ئاشکرایە، کە دوای زۆربوونی تەنگژە و کێشە ژینگەییەکان و دەرکەوتنی کاریگەرییە نەرێنییەکانیان، چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تایبەت بەو بوارە دامەزران لەوانە:  هەردوو لووتکەی زەویی لە ڕیۆدۆجانیرۆ(1992) و لە جوهانسبرگ (2002)(تاحون،2014: 42). کە زۆربەی سەرۆك وڵاتانی جیهان تێیاندا بەشدار بوون و هەموو کێشە ژینگەییە هەنووکەییەکان و ئەو کێشانەی لە داهاتوو تووشی ئیکۆ سیستەم دەبن دەسنیشانیاکردوون، لەگەڵ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئاڵەنگارییەکانی پیسبوونی ژینگە و گونجاوترین ڕێگەی کەمکردنەوە و چارەسەرکردنیان. ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژیش لە ساڵی 1990 بووە بە بوارێکی ناسراو و دانپیانراو و خێرا گەشەی سەندوو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، کە خاوەندارێتی ڕێکخراوێکی خۆی بە ناوی (Association for the study of Literature and Environment) (ASLE) ی کردووە، هەروەها گۆڤارێکی تایبەت بەخۆیان لەو بارەیەوە بە ناوی لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی ئەدەب و ژینگەیان بڵاوکردەوە بە ناوی ( ISLE: Interdisciplinary Studies in Literature and Environment) (عەبدوڵڵا،2022: 70). دواتریش ڕەخنەی ژینگەیی گەشەسەندن و فراوانبونی زیاتری بەخۆیەوە دیت و چەندین بڵاوکراوە و گۆڤاری تر پەیدابوون.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە ڕەخنەی ژینگەیی بە تێپەڕبوونی کات چەندین شەپۆلی گرتۆتەوە و چەندین جۆری هەیە، وەك لە توێژینەوەکان خراونەتەڕوو، جیاکاری لە دابەشکردنی ئاڕاستە و شەپۆلەکان پەیوەستە بە چۆنیەتی باسکردنی لایەنی ژینگەیی و جۆری

کێشە ژینگەییەکە. هەموو ئەو شەپۆلانەش تەواوکەری یەکترن و لە ئەنجامی لایەنگیری سەنتەرخوازی لایەنێکی ژینگەیی جیاکراونەتەوە، چونکە وەك لە سەرچاوە و توێژینەوەکان ئاماژەیان پێداوە هەندێکیان مرۆڤ و ژینگە هەندێك مرۆڤ و ئاژەڵ و هەندێکیان مرۆڤ و ژینگەی فیزیکی به سەنتەر دادەنێن؛ بۆیە بە جۆرێك (شەپۆلی یەکەم: زیاتر لە بارەی جوانییەکانی سروشتە، ڕۆمانسییەتی سروشت، بە زۆری لەسەر کارە ناخەیاڵییەکانە، کە لەسەر ژینگە کراون و نووسراون. شەپۆلی دووەم: زیاتر لە بارەی ئەو نیگەرانییانەوە بوون، کە سەبارەت بە شوێنە سروشتییەکان و دیمەنەکانی ناو سروشتەوە بوون، لەوانەش هەڵکەوتەی شوێنی شارەکان و شوێن و ژینگەیان بە گوێرەی سروشت و سەرهەڵدانی کێشە ژینگەییەکان، هەرچی شەپۆلی سێیەمیشە تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەژادییەکانیان کردە چەقی لێکۆڵینەوەکانیان و دۆزینەوەیان لە ناو ئەدەبدا. شەپۆلی چوارەم: بە قۆناغی نەمانی سەنتەری دادەنرێت لە ژینگەدا و خاتوو (ئۆرسولا هایس سەرۆکی پێشووتری کۆمەڵەی توێژینەوەی ئەدەبی ژینگەیی، لە کتێبێکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە دەبێت هاوڵاتیان و گروپەکان وەکو بەشێك لە هەسارەکەمان وێنا بکەین بە شتە مرۆڤی و نامرۆڤییەکانەوە)(عەبدوڵلا، 2022: 82-86).

شەپۆلەکان بنەما و سەرچاوەی جۆر و بوارەکانی ڕەخنەی ژینگەیین لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان ئەوە دەردەکەوێت.

## بەشی دووەم: ڕەخنەی ژینگەیی لەناملکە شیعری(منداڵ و ژینگە)ی (محەمەد دارباس)

ئەم نامیلکە شیعرییە بەرهەمێکی منداڵانە، کە لە بڵاوکراوەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە فەرمانگەی هۆشیاری و ڕاگەیاندنی ژینگە بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی 2011، بە تیراژی2000 دانە و لە (47) لاپەڕە پێکهاتووە و (21) دەقی منداڵانی لەخۆگرتووە.

ئەدەب وەك یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هاتۆتەکایەوە، لەو ڕێگەیەوە شاعیران و نوسەران بەرهەم و تێکستەکانیان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی

پەروەردەیی و ژینگە دۆستی بە شێوەیەکی کاریگەر بەرهەمەکانیان ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگا کردووە.

دەقی ئەدەبی بە زۆربەی ژانرەکانی بە تایبەتی شیعری منداڵان لە ناو ئەدەبی منداڵان کاریگەری لەسەر بنیاتنانی بەهێزی کەسایەتی منداڵ هەیە، هاوکات لە پاڵ چێژ و خۆشی پاڵپشت و دەستباری بەهێزە بۆ ئەوەی پەیام و مەبەستی پەروەردەیی بە منداڵان بگەیێنێت، بەتایبەتی لە قۆناغی باخچەی منداڵان و بازنەی یەکەمی بنەڕەتی. حەمە کەریم هەورامی پێیوایە ئەدەب دەبێت نوێکاری تێدابێت بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و حەز و ئارەزووەکانیان بلەرێنێتەوە و لەو ئاستەدا بێت، کە بتوانێت دنیای پڕ باژەل و پەرت و بڵاوی مندالانی ئەمڕۆ ڕێك بخاتەوە و ڕووە جوان و گەشەکانی تیا ساز بداو بە خۆیدا بێتەوە. (هەورامی، 2007: 61) بابەتی ئەدەبی بە پێز و گرنگ لە دنیای ئەدەبی منداڵاندا زۆرگەلێکن، کە دەتوانرێت دەورێکی گرنگیان لە پەروەردە و گەشەی منداڵدا هەبێت، هانی منداڵ دەدات بۆ ناسین و سەرنجدان لە دەوروبەریان، ئەمەش یارمەتییان دەدات بۆ گەشەپێدانی سروشت و ژینگەکەی، کە سەرچاوەی بەهرە و توانایی منداڵ زیاد دەکات، منداڵ کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتییە بە فاکتەرە دەرەکییەکان کاریگەر دەبێت، لەو ژینگەی منداڵ تیایدا گەشە دەکات ئەگەر بابەتە پێدراوەکان لە ئاست تەمەن و قۆناغی تەمەنی منداڵ بێت بەو پێوەرانەی دیاریکراوە بۆیان، ئەوا ((ئەدەبی منداڵان بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیری منداڵ پێکدێنێت، هەروەها لقێکی تایبەتی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ و نەخشەدارێژەری بیرە، هەر بۆیە دەبێت ئەو شێوازە جددی و بابەتیانە بێت و وڵامدەرەوەی پێویستی و داواکاریی و گرنگیپێدان و ئارەزووەکانی منداڵ بێت لە دۆزینەوە و زانیارییە تازەکانی دەوروبەری لە لایەك و لە لایەکی دیکە ئامانجەکانی کۆمەڵگە بێت)).(عەبدولقادر، 2022، 15). پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندن سوود لە سەرجەم ژانرەئەدەبییەکان وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

ئەم توێژینەوەیە شەنوکەوکردنی بابەتی پەروەردەیی و ژینگەدۆستییە لە ئەدەبی منداڵاندا، منداڵ فێردەکات ژینگەی خۆشبوێت، ڕێز لە سروشت و ئاو هەوا و خاك بگرێت. تەمەنی منداڵ لەبەر ئەوەی ئاستی هۆشیاری سنوردارە، هەرچی پەیوەستە بە ژینگەدۆستی، پاك ڕاگرتن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوێنی و پیسنەکردنی ژینگە پەروەردە و هۆشیار بکرێتەوە. ئەوە دەزگا پەروەردەییەکانن لەڕێگەی ئەو هۆکارانەی دەبنە فاکتەر بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی منداڵ کاریان لەسەر بکەن، تاکو نەوەیەکی تەندروست و پارێزەری ژینگەی بێتە کایەوە. نامیلکە شیعری (منداڵ و ژینگە) پەنجەی لەسەر چەند بنەمایێك داناوە، کە لێیەوە منداڵ گرنگی زانینی ئیکۆلۆژیا و ڕەهەندە جیاوازەکان فێرببێت، منداڵ کاتێك بە دەقەکان ئاشنا دەبێت، فێردەبێت لەخەمی پاراستن و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ژینگەکەیدا بکات و ببێتە نەوەیەکی تەندروست بۆ مانەوەی خۆی و ژینگەکەی.

## ٢/٠هۆشیاری منداڵ و ژینگە ناساندنی پێکهاتەکان، جۆر، ڕێکارەکانی ژینگە:

کاریگەری ئەدەب لەسەر ژینگە و پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت دەرفەتی ڕەخساندووە بەرهەمی ئەدەبی بێتەکایەوە، لەو نێوەندەشدا ڕەخنەی ژینگەیی ئامانجی ئەوەیە هۆشیاری ئیکۆلۆژی بگەیەنێتە خەڵك، لەبەر ئەوەی مرۆڤ باڵادەستە بەسەر ژینگەکەیدا بەردەوام کاریگەرییەکانی ڕەنگیداوەتەوە بەسەریدا، دەقی ئەدەبی دەبێتە هاندەر فێرکردن و پەرە بە ناسین و سروشت و ژینگە دەدات. ئیکۆلۆژیا کێشە ژینگەییەکان ڕوون دەکاتەوە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان مرۆڤ سروشت هەیە بەهێزی دەکات.

کارەساتەکانی بە سەر ژینگەدا هێنراوە وا دەکات دەقە ژینگەییەکان ڕۆڵیان لە پەیوەندی نێوان منداڵان و ژینگە لەبەر چاو بگرن، دیدگای ژینگەیی جۆراوجۆریان پێشکەش بکەن. هۆشیاری ژینگەیی لەسەر بنەمای کاریگەریی کردەوەکانی مرۆڤ بونیاد نراوە، ئەو کار لەسەر زەوی و ئاو و هەوا دەکات و بیرۆکە و پلان بۆ پەرەپێدانی دادەنێت. لەو ڕێگەیەوە یارمەتی پلانداندەران دەدەن لە پەرەپێدان بۆ یارمەتیدانی سوودوەرگرتن و بەگەڕخستنی کارامییەکان بۆ ناساندنی ژینگە. ئەو لایەنانەی ڕەخنەی ژینگەیی کارییان لەسەردەکات: گۆڕانی کەشوهەوا، پاراستنی زیندەوەرە جۆراوجۆرەکان، پیسبوونی ئاو و خاک، سەرچاوە سروشتییەکان، چارەسەری پاشماوەکان، کەمکردنەوەی کارەساتەکان، پیسبوونی جۆراوجۆرەکان، کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەسەر ژینگە، کە لەڕووی چەندایەتییەوە دەستنیشانی گرفتەکان دەکات شاعیر بە پەیامێکی

ڕوونی ئامانجدار پێکهاتە و جۆر و ڕێکارەکانی ژینگە دەخاتەڕوو هەر یەکێکیان بۆ منداڵان گرنگ و بایەخی خۆی هەیە و هەمووشیان بەیەکەوە ژینگەیان پێکهێناوە.

هەر منداڵێ کـــــــەوا ژیــرە
ژینگەکەی خۆی هەر لە بیــــرە
کە تیا ئەژی و خۆشــەویستــە
چـــــاودێری زۆر پێــویســتــە
جوان و خاوێن ئێـــجگار پاك بێ
ئاو و هەوا وە یا خــــــاك بێ
ئـــەوە هەرســـێ دەورو بـــەرە
کاریگــەری زۆر لـــەســــــەرە (دارياس، 2011، 11)

منداڵ سەرەتا هەموو شتەکانی دەوروبەری ناناسێت و ئاشنایی و زانینەکانی سنوردارە بە تایبەت هەندێك چەمك، کە گرنگە لەو تەمەنە بە منداڵ ئاشنا بکرێت تێکەڵ بێت لەگەڵی بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەیان فێرببێت، شاعیر جۆرەکانی ژینگە بە منداڵ دەناسێنێ، کە بریتین لە (ئاو، هەوا، خاك) کە ئەوانە ژینگەیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیان بۆ دروست بێت و لە ئایندە بە ئاستێکی ژیرانە پابەندی ڕێنمایی و تایبەتمەندییەکانی و بیپارێزن.

شاخ و ڕێگاو گردو دۆڵە
بەردە دارە خاك و خۆڵە
لە بیر نەکەی کە هەوایە
پیســـــی بکەی ناڕەوایە (دارياس، 2011، 13)

شاعیر لە ناو جۆرەکانی ژینگەش پێکهاتەی تر بە منداڵان دەناسێنێت، کە شاخ و ڕێگا و گرد و دۆڵ و بەرد و دار و خاك و خۆڵ دواتر ئاماژە بە هەوا دەکات، ناڕاستەوخۆ پێیان ڕادەگەیێنێت، کە پاراستنیان گرنگ و پێویستە چونکە پیسکردنیان ناڕەوایە.

جا ڕوبارو کانی و چۆمە
دەریایە زلکـــــاوە گۆمە

ڕوەك، ئــــاژەڵ و باڵندە
دەیان هەزار جۆر فرەندە
شاخ و ڕێگاو گــردو دۆڵە
بەردە دارە خــاك و خۆڵە (داریاس، 2011، 13)

شاعیر بەردەوام دەبێت لە ناساندنی جۆرەکانی تری ژینگەیی سروشتی و لەم چەند دێرەدا باس لە ڕووەك و ئاژەڵیش دەکات، کە ئەوانیش وەك شاخ و ڕێگا و دۆڵ گرنگن.

پاك و جوان بێ شوێن و جگا
ڕازاوە بێ پردو ڕێگـــــــــا
ئامــاژە بۆ شــــــــــارستانی
هەمــــوو منداڵ باش دەیزانی
هەر ژیــنــگەیــــە دەوروبەرە
پـــاکی وەکــو تاجــی سەرە (داریاس، 2011، 23)

شاعیر دواتر منداڵ ئاشنا دەکات بەو کاریگەرییە ئەرێنییانەی مرۆڤ هەیەتی لە بونیادنانی ژینگە، کە دروستکردنی پرد و ڕێگایە و جۆرێکی تری ژینگەی دەستکردە، دواتر پەیامەکەی ئاڕاستەدەکات، کە نیشانەی پێشکەوتن و شارستانییەتن و پاك و خاوێنڕاگرتنی کارێکی بەرزە و وەك تاجێکی سەرە. ئاماژە بە جێدەستی مرۆڤ دەکات هەر کاتێك مرۆڤ بۆ جوانکردنی ژینگە هەوڵبدات نیشانەی شارستانی و پێشکەوتنە، چونکە خزمەتکردنی ژینگە ئەرکێکی ئەخلاقیە.

ڕێکــارەکـــانـــی ژینــــگە
تایــەی تومبــێــل ناسوتێنم
دوروبــــەرم نـــــاشێـــوێنم
هەوای ژینـــــگەم با ساز گار بێ
مەڵبەندەکەم هەر نـــازدار بێ (داریاس، 2011، 9)

زۆر گرنگە منداڵ بە ئەدەب پەروەردە بکرێت بە شیعر بۆی بکرێت بە گۆرانی ڕۆژانە، لەگەڵی بگوترێتەوە، تاکو ئەو ڕەفتارە نابەجێیانەی، کە زیانیان هەیە بۆ خۆی کۆمەڵگای لێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوور دەکەوێتەوە، دیاردەیەکی ناشیرینە تایە سوتاندن دوکەڵەکەی ژهرە و کاریگەری خراپی هەیە لەسەر تەندروستی گشت لایەك، پەنجە لەسەر دیاردەیەکی دزێو دادەنێت" کە لە نەورۆزدا منداڵان کۆدەبنەوە تایەی ئوتومبێل دەسوتێنن، لە ڕاستیدا پێویستە پێش هەموو شوێنك دایك و باوك و قوتابخانە ڕۆڵیان هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری منداڵان بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە بە کۆتا بێت، ئەو کات منداڵان بە قووڵی ڕێزپارێزی دەکات لەو مەڵبەندەی کە تیایدا دەژی.

گەر پیسی کەین هەر بە جارێ
نەخۆشیمان بۆ دەبـــــــارێ
ژینگە پاکی ... لەش ساخی یە
هـــــەر کەسێك لێی یاخی یە
نەفام .. نەزان یـــا بێ هۆشە
ژینگە مــــــاڵی من و تۆشە (داریاس، 2011، 11)

به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیام بە منداڵان دەگەیەنێت، گەر ژینگە پیس بکەن ئەوە دەبێت چاوەڕێی کۆمەڵێك نەخۆشی بکەین، سەرچاوەی لەشساغیمان پاکی و بێگەردی ژینگەکەمان؛ بۆیە هەرکەسێك لە ژینگەکەی خۆی یاخی بێت شاعیر بە نەفام و نەزان و بێ هۆش ناویبردووە؛ بۆیە کاتێك منداڵ گوێبیستی ئەو پەیامە دەبێت ناڕاستەوخۆ لەو پەیامە پەروەردەییە دەگات، کە پاراستنی ژینگە نیشانەی هۆشیاری و پەروەردەی دروستییەتی.

چاو دەگێڕم خۆم چـــاودێرم
بە خاوێنی و پـــاکی فێـــرم
بەرد و دار و پەلکی چوکلێـــت
کـاغەز نایلۆن هەر شتێ بێت
فڕێنادەم بۆ سەر شــــەقام
چونکە پـــاکی گرنـــگە لام
لە ماڵ.. کۆڵان.. قوتابــــخانە

ئەوە ئەرکی سەر شانمانە (دارياس، 2011، 7)

شاعیر منداڵان ئاگاداردەکاتەوە لەو جۆرە پیسکردنانەی ژینگە و ئەو شوێنانەی، کە زیاتر منداڵ تێیدایە، وەك ماڵ و شەقام و قوتابخانە فرێدانی پاشماوەی خۆراك، یان پلاستیك، یا هەر تەنێك بێت و ئەرکی ئەو لە پاراستنی ئەوانەوە دەست پێدەکات؛ بۆیە پاراستنیان بە ئەرکی سەرشانیان دەزانێت. ئەدەبیش هەر ئەوەی دەوێت تاکێك دروستبێ ئەرکی خۆی بەرامبەر ژینگەکەی بناسێ و بەرپرسیارانە مەمەڵە، لەگەڵ دەوربەریدا بکات.

ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە، ئایا ڕەخنەی ژینگەیی لە چ لایەن و بوار و ڕەهەندێکەوە پەیوەندی بە ئەدەبی منداڵانەوە هەیە؟ ئایا هەموو جۆرەکانی ڕەخنەی ژینگەیی لە ئەدەبی منداڵاندا گرنگ و پێویستە یان نا؟ سەرەتا پێویستە گرنگی هۆشیاری ژینگەیی بۆ منداڵ بزانین و لە توێژینەوەکانی ڕەخنەی ژینگەیی و ئەدەبی منداڵان ئاماژە بەوەکراوە، کە پەروەردەی ژینگەیی بنەمای پتەوی ژینگەی دروستە و دەبێت لە جیهانی پەروەردەوە دەست پێ بکرێت (ئەوە ڕوونە، کە بزووتنەوەی چالاکیەکان هۆشیاری گشتی لەبارەی مەسەلەکانی ئیستاتیکای ژینگەیی بەرزدەکەنەوە، بەڵام گرنگیپێدانی بەردەوام بەو ئیستاتیکایە و ئیکۆلۆژیا زۆر پەسەند و باشتر نییە لە دانانی بەرنامەیەکی درێژ لە پێناوی پەروەردەی ژینگەیی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا، بە تایبەتیش لە قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی)(بورنیوس، 2010: 324-325). لە پەروەردەی ژینگەیی سێ پرۆگرام و بنەمای گرنگ هەن بۆ ئەم مەبەستە ئەوانیش (هەمان سەرچاوە، 325):1- ڕاڤەی ژینگەیی 2- ژیاننامەی خودی ژینگەیی 3- ڕاهێنانی هەستیاری لەسەر دیمەنە سروشتییەکان. واتا: شیکردنەوەی بنەما و پێکهاتەکانی ژینگە و خودی قۆناغەکانی گەشە و تێپەڕیبوونی ژینگە لە سەردەمە جیاوازەکان و ڕاهێنانی سەرجەم هەستەکان لەسەر ژینگە، کە هەریەکە و بەجۆرێك کاریگەری و کاردانەوەی دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ.

توێژەرانی بواری پەروەردەی ژینگەیی لە دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕەخنەی ژینگەیی کۆك و تەبا نین لەسەر ئەو خاڵە گرنگانەی دەستنیشانیان کردوون، کە پێویست و گرنگە بخرێنە پرۆگرام و کاریان لەسەر بکرێت لە پێناو بەرەوپێشبردنی ژینگە و هۆشیاری ژینگەیی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتریش و کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە زیادبوونی پیسبوونی ژینگە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی. ئەمەش زیاتر لە خۆ پەیوەستکردنیان بە جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە و پسپۆڕییان لە بوارێك لە بوارەکانی ژینگە و جۆرەکانی ڕەخنەی ژینگەیی سەرچاوەی گرتووە؛ بۆیە لەهەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئێمە پێمانوایە گرنگترین ئامانجەکانی ڕەخنەی ژینگەیی بۆ منداڵ بریتیین لە (ڕەبیع، 2014: 159-164):

1- هۆشیاری دەربارەی هەموو پێکهاتەکانی ژینگە، وە ئەو کێشانەی وابەستەیەتی.

2- زەقکردنەوەی زۆری گرنگی سەرچاوە سروشتییەکان، چونکە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن، هەروەها دەرخستن و زەقکردنەوەی ئاسەوارە خراپەکانی خراپ بەهرە لێوەرگرتنی سەرچاوە سروشتییەکان.

3- هاوکاریکردنی تاك و کۆمەڵگا لە پێناو بەدەستهێنانی هۆشیاری ژینگەیی و شیکردنەوەی وردی زانستیانەی ئەو ڕەفتارانەی دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگییەکەی ژینگە، بە تایبەتی ڕەفتارە ناهۆشیار و خراپەکانی مرۆڤ.

4- دروستکردنی شێوازێکی نوێ لە ڕەفتارکردن لە ئاست ژینگەدا، لەلای هەموو تاکێك، کۆمەڵێك هەتا هەموو کۆمەڵگا.

5- هاندان و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و زانیاری شارەزایی پەیوەندیدار بە پەروەردەی ژینگەیی لە نێوان دەوڵەتان و جیهان و هەرێمە جیاوازەکاندا، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی فێرکاری، بابەتی پەروەردەی ژینگەیی و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەیان.

ئەوەی لە هەموو ئەو خاڵانەش سەرەکیتر و گرنگترە هەڵبژاردنی ڕێگە و میکانیزمی باش و سەرکەوتووە بۆ چەسپاندن و گەیاندنی پەروەردەیەکی ژینگەیی دروست، لە لایەن خێزان و خوێندنگا و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی تایبەت بەو بوارە. ئێمە لەو توێژینەوەیەدا بواری ئەوەمان نیە بە چڕی و وردی باس لە هەموو ئەوان بکەین، تەنیا ئەدەب نەبێت، کەوەك ڕێگایەکی سەرەکی و گرنگ بە چەندین میکانیزمی هەمەشێوە دەتوانرێت وەك ئامرازێکی سەرەکی بەکاربهێنرێت لە پەروەردەیی ژینگەییدا بە تایبەتیش لە ئەدەبی منداڵان و لە تەمەنی منداڵیدا.

ئەدەبیاتی ژینگەیی پێگەیەکی بەرچاو و زۆر گرنگی هەیە لە هۆشیاری ژینگەیی و پەرەپێدان و بەدیهێنانی هەموو ئەو بنەمایانەی، کە پەروەدەی ژینگەیی هەوڵیان بۆ دەدات و لە ناو هەموو دامەزراوەکانی، وەك خێزان و باخچەی منداڵان و قوتابخانە و ڕاگەیاندنەکان سوودی لێوەردەگیرێت. خێزان لە ڕێگەی چیرۆك و خوێندنەوە بە تایبەتی هەبوونی وێنە لە نێو کتێبەکان، باخچەی منداڵان و خوێندنگا لە ڕێگەی شانۆ و شیعر و چیرۆك و پرۆگرامی تایبەتی ژینگەیی دەتوانن سوود لە ئەدەبیاتی ژینگەیی وەرگرن. ئەو ئەدەبیاتە جەخت لەسەر فێربوونی ژینگەیی دەکاتەوە لە سێ لایەن (هەمان سەرچاوە:2014: 194).

1- فێرکردن دەربارەی ژینگە (زانیاری و زانست).
2- فێرکردن لە ژینگەوە (شارەزاییەکان).
3- فێرکردن لە پێناو ژینگە (بەها و ئاراستەکان)

**٢/١پەروەردەی ژینگەیی بۆ چی گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا؟**

منداڵ هەر بە سروشتی خۆی حەزی لە زانینە ئەو حەز دەکات شتەکانی دەوروبەری بپشکنێت و بۆ هەر شتێك بێت دەیەوێت بزانێت چیە و خۆی تێهەڵدەقورتێنێ، دیارترین هۆکار و سەرچاوە بۆ گەشەکردنی لایەنی زانینی منداڵ ئەدەبی منداڵانە بە هەموو ژانەرەکانەوە. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە پەیوەندییەکی قووڵ و دوولایەنە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە لایەك دەستی هەیە لە تێکدان و شێواندن و خراپکردنی ژینگە، لە لایەکی ترەوە هەر مرۆڤیشە دەستێکی باڵای هەیە لە ئاودانی و جوانکردن و ڕێکخستن و پاکردن و سەوزکردنی ژینگەکەی. ئەوەی کە مەبەستە چۆن وابکەین لە ڕێگەی ئەدەبەوە مرۆڤ ئەو دەستە بێت بۆ باشترکردن و پەرۆشبوونی، تاکو ئاراستە بکرێت بە پەروەردەی ژینگەیی؟. دەزانین دەروازەی ئەو ئاراستەکردنە لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە دەست پێدەکات ئەو تەمەنەش لەبەر ئەوەی نازانێت دەق و بەرهەمەکان بخوێنێتەوە؛ بۆیە لە ڕێگەی تێکستی ئەدەبی بە تایبەتی شیعری ژینگەیی دەتوانین ئەوە لە لای منداڵ ببێتە سەرەتا و بناغەیەك تاکو لەگەڵی بژی و پەروەردە بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدەبی منداڵان ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەکات ئەگەر بەجدی لە قۆناغەکانی دەستپێکی منداڵەوە بە ئەدەب ژینگەکەی لە لای خۆشەویست بکەین، ئەو هەوڵی بەدەستهێنانی شارەزاییەکان دەدات. ئەوە پەروەردەکارانن، کە دەتوانن منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبەوە ژینگە بکات بە بەشێك لە ژیانی خۆی بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی، وەکو پاراستنی جەستەی خۆی ژینگەکەشی بپارێزێت و هیچ کاتێك بیر لە تێکدانی نەکاتەوە، کاتێك بە بەرهەمێکی ئەدەبی منداڵ فێر دەکەین کە فڕێدانی پاشماوە زیانی هەیە بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران ئیدی ئەوە لەلای دەچەسپێت، کە ئەو یاسای ژینگە تێکنادات و دەبێتە ڕەوشتێکی بەهادار و ڕێز و شکۆ لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی دەستەبەر دەکات؛ بۆیە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیەوە منداڵ مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ ژینگەدا بکات، تاکو ئەو مەترسییانەی لەسەر ژینگە هەیە بە هەموو لایەك هەوڵی کەمکردنەوەی بدرێت، ئەدەبی منداڵانیش یەکێکە لەو هەوڵانەی، کە بە ئاڕاستەی ئەرێنی کار لەسەر گەشەی هۆشیاری ژینگەیی دەدات لە لای منداڵ. بۆ نموونە:

با پێت بڵێم بە ئاســـــانی
ژینگە چیــــــە بـــا بیزانی
ژینگە سروشتە دەورو بەرە
ئاوە خـــاکە یا بـــەشەرە (دارياس، 2011، 13)

ئاشنای منداڵان دەکات، کەوا ژینگە چیە بۆ ئەوەی دەوروبەری خۆی بە تەواوەتی بناسێت، شاعیر سێنترالی ژینگەی دەرخستووە، بە منداڵ دەڵێ ژینگە ئاوە، ژینگە خاکە، ژینگە مرۆڤە، ئەوانەی بۆیە بەیەکەوە باس کردووە تاکو منداڵ فێر بێت مرۆڤ بە تەنیا ناتوانێ هاوسەنگی ژینگە ڕاگرێ ئەوەی هەیە لە ئاسمان و زەوی تەواوکەری یەکترن بە هەموویان مانەوە و ژیانیان لەسەر ژینگە ڕێکخستووە.

ئامۆژگاری بۆ ئەو خەڵـــکە
ژینگە دژی پیسی و چڵـــکە
واتە ژینگە لە هەموو شوێن
پاکی و هێمنی هـــــــاوڕێن (دارياس، 2011، 33)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاعیر ڕاستەوخۆ وشەی ئامۆژگاری بەکارهێناوە و دواتر ژینگە، وەك مرۆڤ و بوونەوەرێکی زیندوو بۆ منداڵان وەسف دەکات، بەوەی کە دژی پیسی و چڵکە و هاوڕێیە، لەگەڵ پاکی و هێمنی، بەمەش دەیسەلمێنێت، کە ژینگەپارێزی بە چەندین ڕێگا دەکرێت و دەتوانین ئەو پاکییە ڕابگرین وەك بێدەنگی و ژاوەژاو دروست نەکردن و خاوێن ڕاگرتنی.

خاوێن ڕاگری بپـــــــارێزی
خۆشەویستی زۆر بەڕێزی
ئەو منداڵە ژیر و زرنـــــگە
بڵێ بژی پـــــاکی ژینگـــــە (داریاس، 2011، 17)

شاعیر ڕەخنەی بە شێواز و شێوەیەکی وای دەرخستووە، کە سەرنجڕاکێش بێت، ڕەخنەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەیە بە منداڵان دەڵێت: ئەگەر ژینگەت پاك ڕاگرت ئەوە نابیتە جێگای باسوخواسی خەڵك و بەخراپ باست ناکەن، بەڵکو بە چاوی ڕێزەوە تەماشای دەکات جا لەبەر ئەوە شاعیر هاتووە دیوە ڕێز و خۆشەویستییەکەی وەرگرتووە ئاماژە بەوە کردوە، ئەوانەی ژیرن لەبەرامبەر ژینگە پارێزی ئەوا منداڵی ژیر و زرنگن واتا منداڵێکە ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە، بە شێوەیەك فێربووە متمانەی لەلا دروستبووە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر ژیانی دەبێت.

**٢/٢ ئیستاتیکای ژینگەیی**

شاعیر دەیەوێت جوانناسی ژینگە نیشان بدات لەوەی منداڵ جگە لە پاراستن و هەستی خۆشی و شادی، ئاشنای بکات بە جوانییەکانی سروشت و ژینگە، کاتێك لە ڕێگەی شیعرێکەوە منداڵ ئاشنا دەکەین بە چاندنی نەمام و ئاودانی بە هەمان شێوە، ئەوە دەبێتە مەعریفە، کە لە هزریدا گەشە دەکات، کە گەورەش بوو لەسەر بنەمای ئەو پەروەردەیە وڵات بە جوانییەکانی و بە ئاوەدانی دەهێڵێتەوە.

دار دەچێنـــم گوڵ دەڕوێنم
بۆ وڵات ئـــــاوەدانـــی دێنم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بـــا ژینگەکــــەم ڕازاوە بێ
بوکی جوانی ئــــەم ناوە بێ
هەر دڵ گیر بێ دۆڵ و شاخم
پاکو جوان بێ مێرگو بـــاخم (دارياس، 2011، 15)

زۆر گرنگە پێکهاتەکانی ژینگە و ئەوەی تیایدایە و هاوسەنگیان دروستکردووە ئەوەندە جوان نیشان بدرێن منداڵ بە تامەزرۆییەوە ئامێزیان بۆ بکاتەوە و ئاوێتەیان بێت، کەی توانرا ئەوەی لە سروشت و ژینگەدایە بە شێوەیەك پێشکەشی منداڵان بکرێت، پەیوەست بە ژیانی، بە شێوەیەکی قووڵ ئەندێشە و بیری فراوان بکات جوانناسی ژینگەیی دەبێتە بەشێك لە پەروەردەی؛ بۆیە پێویستە لە ڕێگەی ئەدەبەوە ئەو جوانییانە لە هزر و ناخی منداڵدا گەشەی پێبدرێت.

گەر ژینگە پڕ لە دار بێ
پڕ لە کێوی و باڵدار بێ
پڕ بێ لە جۆگە و کــانی
دنیا دەبێتە جــــــوانی (دارياس، 2011، 43)

هەر کاتێك تاکێك لە کۆمەڵگا دروست بوو ژیان بە جوانی بێڵێتەوە ئەوە هەمیشە ژیان زیندوو و جوان دەکات، غەدر لە جوانییەکان ناکات عەوداڵی شادییەکان دەبێت، چێژ لە بینینەکان دەکات بە جۆرێك دەنگی هاژەی ئاو و باڵندەکان جوانی خۆی هەیە، شاعیر ئاوێتەی ئەو جوانییە دەبێت، بینینی جوانی گوڵەکانی بەهار هەزاران پەیقی بۆ دێنێتە گۆ، دەکرێت لە منداڵێەوە خەیاڵی منداڵ بە جوانیەکانی سروشت ئاشنا بکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە ژیانی و چێژ لە جوانییەکان وەرگرێت و خۆشەویست بێ لەگەڵی. هەروەك ماسی بێ ئاو ناژی هەرواش مرۆڤ ناتوانێ بێ سروشت ژیان بەردەوامی پێبدات، ئەوەیە، کە پێویستە لەلای منداڵ جوانیەکان لە ناخیدا گەشە بکەن، جوانی سروشت دونیای داهێنان و بیرکردنەوەی منداڵ گەشەپێدەدات. ئەوە نووسەرانن لە پێناو بەرجەستەکردنی چێژ ئاواز بە بەژن و جوانییەکانی سروشتدا دەڵێن و دونیابینی خۆیان ئاوێتەی دیمەنەکان دەکەن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢/٣ جۆرەکانی ڕەخنەی ژینگەیی

توێژینەوە کۆن و نوێیەکان ئاماژەیان بە چەندین جۆری ڕەخنەی ژینگەیی کردووە، ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی و پوختی ئەو جۆرانە باس دەکەین، کە لەم نامیلکە شیعرییەدا هەن و تایبەتن بە ئەدەبی منداڵان. کە بریتیین لە:

### ٣/٢-١ئیکۆلۆژیای قووڵ/ فەلسەفەی ئیکۆلۆژی:

ئەم جۆرەی ڕەخنەی ژینگەیی واتا بیرکردنەوە و تێڕامانی قووڵ بۆ ژینگە و هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە ژینگەزانی و ژینگەگەرایی، بە بەها و هۆکارەکانی پیسبوون و ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لێیان. ((لقێکە لە بواری فەلسەفەوە سەریهەڵداوە، ....باسی بنەما ئەخلاقییە ژینگەییەکان دەکات، وەکو هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی وەڵامێك بۆ بێرپێزیکردن و ئەو بەکەم سەیرکردنانەی بەرانبەر ژینگە و سروشت دەکرێت، هەروەها گەڕانەوە بۆ هۆکارە ڕیشەییەکانی هەرەس و دارمانی لە بنەما ئەخلاقییەکانی پەیوەست بە ژینگەوە هەیە. بۆ پێداچوونەوە و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان و زەوی))(عەبدوڵلا، 2022: 89).
ئەدەبی منداڵان کیلگەیەکی گونجاو و دروستی ئەوبابەتەیە، چونکە وەك پێشووتر ئاماژەمان پێکرد ((ڕۆڵی کارکردنی مرۆڤ لە دروستکردنی ئاڵنگارییەکانی ژینگەیی بە ڕاددەیەکە، کە تاکو چاکسازی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا نەکرێت، ئەم ڕووداوانە، کە دەرهاویشتەی پێچەوانەی مرۆڤن، لە گەڵ سروشت بەردەوامیان دەبێت))(ڕەئوف، 2023، 49). بێگومان ئەوەش ئەگەر لە قۆناغی منداڵیدا بێت زۆر بناغەی پتەوتر دەبێت.

چ ڕوبـــــارە یا دەریـــــایە
چی گیانداری کە تێیـــــدایە
ئینجا وەرە بۆ وشـــــکـــایی
چی لەسەرە بە تێـــــکڕایی
ئەو هەوایەی کە پێی دەژین
هەموو کـــاتێ هەڵی دەمژین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە مانە گشت ئەڵێن ژینـــــگە
پیس کردنی گەلێ نەنـــــگە
ژاوە ژاو بێ یا دەنگـــــی تیژ
هەرا هەرا یـــا دەنگـــی قیژ
ئەمـــە ژینگە دەشێـــــــوێنێ
جوانی دەبا و دەیمــــــــــرێنێ (دارياس، 2011، 24)

شاعیر ژینگەی، وەك تابلۆیەك نەخشاندووە، نابێت هەروا بە ئاسانی تێك بدرێت و جوانییەکە بشوێندرێت، بە وشەکانی لەسەرخۆ برینەکانی دەرخستووە جوانبینانە بە ڕەخنە دەستی پێکردووە ناونیشانەکەی دەرخەری ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت لە یەکەم هەنگاوە منداڵ هۆشیار و بەئاگا دەکات، دوای نیشاندانی ئەوەی لە ژینگەدا ئاماژەی پێکردووە بە شێوەیەکی بنچینەیی ڕەگەز و پێکهێنەرەسەرەکییەکانی ژینگەی دەرخستووە لەوانە دەریا، کە ئاوە، دواتر گیانداران و زیندەوەران بە گشتی دواتر بە ئیکۆلۆژیای قووڵ ئاماژە بە تێکچوونی ژینگە دەکات، منداڵ لەو تەمەنە بە ئاگا دەهێنێتەوە، کە ئەو هەوایەی هەڵی دەمژین خۆی بۆ حازرکە کەوا پیسبووە، ئێستا گەر خەمی نەخۆی نەنگیە. لە لایەکی ترەوە شاعیر ئاماژەی بە تێکدانێکی تری ژینگە دەکات بۆ ئەوەی منداڵ فێر بکات تەنیا لە یەك ڕەهەندەوە پیسبوونی ژینگە نەناسێ کاتێك لە کۆڵان و شەقامەکان لە کاتی دەرنگ وەخت و پشووەکان یاری دەکات پێویستە ئاگادار بێت دەنگی بەرزی و هات و هاواری نەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بە کەسانی تر، چونکە بەو ڕەفتارەی ژینگەی جوانی کۆمەڵگاکەی تێکدەدات.

ژینگە پاکـــــــی دڵ خۆشـیـیە
شێوانـــدنـــــی بێ هۆشـــییە
جوانی ژینگە جوانی ســروشتە
بۆنی خـــــۆشـــی دەورو پشتە (دارياس، 2011، 16)

لە لایەکی ترەوە ڕەخنەیەکی توند لەوانە دەگرێ، کە دەبنە هۆی شێواندن و تێکدانی ژینگە، چونکە ژینگەی پاك جێگای دڵ خۆشی و شادییە، مرۆڤ کاتێك لەهەر شوێنێك بێت پاك و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوێن بێت، مایەی ئاسودەیی مرۆڤە؛ بۆیە کەنارگرتن و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ کاتێك دێتە ئارا کە ژینگەی شێوێندراوە، شاعیر بە جۆرێك ڕەخنە دەگرێت ئەوانەی بوونەتە هۆی تێکدانی ژینگە بە بێ هۆش دەزانێت، جا لەبەر ئەوە منداڵان لەوەوە فێر دەبن، کە هەمیشە بە ئاگا و ژیر بن جوانی ژینگەی ژین و سروشتەکەی بە جوانی خۆی بهێڵنەوە.

### ٢-٣/٢ ئیکۆ فیمینیزم/ فیمینیزمی ژینگەیی:

ئەم جۆرەی ڕەخنەی ژینگەیی، وەك لە ناوەکەیەوە دیارە بەیەکەوەبەستنەوەی فیمینیزم و ژینگەیە، بە جۆرێك، کە کارلێکی ڕاستەوانەیان بەیەکەوە هەیە. ((تیۆرێکە کە بنەماکانی بیرۆکەی فێمینیستی لەلایەك و پرسەکانی پەیوەنیدار بە ژینگەدۆستی لەلایەکی دیکە، ئاوێتە دەکات، چونکە بە درێژایی مێژوو ئافرەت و سروشت بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێت، کە هۆکار و خاڵی هاوبەش لە نێوان ژینگەزانان و فێمینیستان هەیە))(عەبدوڵڵا، 2022: 92)، لە بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکانی تایبەت بەو بوارەش ئەوە سەلمێنراوە، کە ژنان زۆربەی جار سەلیقە و خەمخۆری زیاتریان هەیە، بۆ دیمەن و شوێنە سروشتییەکان و وەك بەشێك لە کرێکار و ئەندازیار بەشدارن لە چۆنیەتی دیزانکردن و ڕازاندنەوەی باڵەخانە و شوێنی گەشتیاری. کە ئەمەش بە پێی تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز دەگۆڕێت (بورتیوس،2010: 172).

پێنج منداڵ بون ژیــر و دانــــا
هەر پێنج پاك و وریا و زانـــــا
چاودێر وتی: هەستنــە پێـــوە
چی زۆر باشە بــــە ڕای ئێـــوە
یەکــەم وتی: هـــەر زانستــە
چاودێر وتی: بەڵێ ڕاســـتــــە
دوەم وتی: ڕەوشـــــتی جـــوان
چاودێر پێی وت ئافــەرین شوان

سێـــیەم وتی: هێــمن و ڕاستگۆ
چـــــاودێر وتی: هەر بــژی تۆ
چـــوارەم وتی: ئەوەی گرنـــــگە
پاك و جـــــــوان بێ هەموو ژینگە
چـــــاودێر وتی: سەد ئــــافــەرین
چەپڵە لێدەن لە بۆ پەروین (داریاس، 2011، 21)

شاعیر چەند بنەمایەکی گرنگی پەروەردەیی لە ڕێگەی پرسیارکردن لەیەکتری دەرخستوە، بەو گفتوگۆیەی دروستی کردووە لە نێوان کارەکتەرەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم) لە ناویاندا پلەبەندیەکی قوڵی نیشان داوە ئەویش کارەکتەری چوارەمە، کە پەروینە و ڕۆڵی پاك و جوانی ژینگە بەو سپێردراوە، کەواتە شاعیر فێمینیستانە جوانی ژینگەی بە کچ سپاردووە ئەو پێی وایە ڕازاندنەوە و ڕێکخستن و پاك و خاوێنی لە ژیان دەبێت مێ ئەنجامی بدات، دیدێکی تری شاعیر ناسکی و جوانی سروشتی بە جوانی و ناسکی کچەوە پەیوەستکردوە؛ هەر بۆیە پاداشتی ئەو ڕەفتارە بە سەد ئافەرین و چەپڵە لێدان بۆ پەروین مسۆگەر کردووە، پەیامی نووسەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەوەی پاکە و ژیر و دانا و وریا و زانا بێت، دەبێت ژینگەدۆست و هاوڕێی سروشت و ژینگە بێت.

یارا و لەنیا جوانـــــــن بەهای ژینگە دەزانن
یەکێکان کە دارێ دێنێ ئەوی تریان دەیچێنێ
باخە جوانەکەی ماڵێ سەوزە بە درێژی ساڵێ
لەولا جـــۆگەلەی ئاوە هەر بە گوڵ دەورە دراوە (داریاس، 2011، 27)

بەشێکی زۆرمان ئەوانەی عاشقی سروشت و ژینگەی پاکن بە دەست ناڕێکی و تێکدان و ئازاردانی ژینگەوە ئازار دەکێشن، جا ئەوە ڕووی لە هەر پێکهاتەیەکی ژینگە کردبێت، هەر ئازارە بۆ کەسانی ویژدان زیندوو، شاعیر دەیەوێت ئەوە بە هەموو لایەك بڵێت ئەوەتە یارا و لەنیا بەهای ژینگە دەزانن ئەو پەیامەش جارێکی تر بە وانە دەڵێت، کە ژینگەیان تێکداوە، ئەوە کچانن بونەتە ڕەمزی جوانی و بەهای ژینگەپارێزی، یەکێ دار دێنێ یەکێ دەچێنێ؛ کاریگەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەمێنێتەوە لە لای کچ کاتێك گەورە دەبێت، هەر بۆیە وێنەکە زۆر جوانە ئەوە ژنە ماڵ دەڕازێنێتەوە و سەلیقە و جوانی خۆی بۆ تەرخان دەکات لە هەموو لایەکەوە سەوزایی گوڵ دەورەی داوە.

## ٣-٣/٢ ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی

ئاژەڵان پێکهاتەیەکی گرنگ و سەرەکی ژینگەن، وەك: مرۆڤ و ڕووەك و پێکهاتەکانی تری گەردوون، هەروەها ئەرك و مافی تایبەت بەخۆیان هەیە و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیشیان لەسەر ژینگە و پیسبوونی هەیە. لە دەقە ئەدەبییەکاندا ئاژەڵ بەردەوام باسکراوە و باس دەکرێت؛ بۆیە ((ڕەخنەی ئاژەڵناسی تەنیا ئەرکی ئەوە نییە خوێندنەوە بۆ ئەو دەقانە بکات، کە باس لە ئاژەڵ دەکات و جوانی و میهرەبانی و دڕندەییەکانیان بخاتەڕوو، بەڵکو کار لەسەر هەموو لایەنێکی ئاژەڵ دەکات، تەنانەت مافەکانیشیان)) (عەبدوڵڵا، 2022: 95). منداڵ ئاژەڵی خۆشدەوێت و ((مرۆڤ بکەرێکی لێگەڕە کە لەسەر بنەمای تێبینییەکانی ئاکاری وەکو بنەمای یەکسانی بۆ هەموو بوونەوەران بنەمای بەهای زاتی یەکسان بۆ تەواوی بوونەوەران قبوڵکردنی هەموو بوونەوەران بە ناونیشانی بکەرەکانی ئاکاری ئەزموونگەری ژیان بەکاردێنێ)) (ڕەئوف، 2023: 43).

باڵندەکان با بخـــــــوێنن
نەکەن دەستیان لە بۆ بێنن
یا ئاژەڵی کێـــــوی و ماڵات
بە وانـــــەوە جـــوانە وڵات (دارياس، 2011، 15)

سروشت بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە جوانە، ڕەوایەتی نییە بۆ مرۆڤ بچێت باڵندە و ئاژەڵان، کە نیشانەی دڵ خۆشی و شادی بەخشن ئازاریان بدات، کاتێك بەیانییە و گوێبیستی ئاوازی باڵندەکان دەبین هەر یەکەیان بە ئاوازێ دەخوێنێ، سروشت چەندە جوانە! بەو دەنگانە ڕازاوە تر و جوانتر دەبێت، شاعیر هانی منداڵان دەدات پارێزگاری لە جوانیەکانی وڵات بکەن بە هیچ جۆرێك نەکەن ئازاری باڵندە و ئاژەڵ بدەن، چونکە زیندەوەران بە هەر جۆر و سیفەتێکیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبێت سیستەمی ژینگە و سروشتیان هاوسەنگ کردووە، ئەگەر هەر هەڕەشەیەك هەبێت لەسەریان ئەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ژینگەی هەمووان.

بـــــا ژینــگەم پڕ لە کێوی بێ
پڕ ئاســك و بزن و ڕێـــــوی بێ
بە شانــــــازی هــەر نێــوی بێ (داریاس، 2011، 37)

یەکێك لە بابەتی پرۆگرامی باخچەی منداڵان یەکەی گیاندارانە، لەو ڕێگەیەوە منداڵان ئاشنای جیهانی گیانداران دەبن بۆ ئەوەی جۆرەکانیان و بەرهەم و شێوەکانیان بناسن، شاعیر دەیەوێت گیاندارانی کێوی بناسێنێ، چونکە گیاندارانی کێوی بە ئاسانی ناتوانین بیان بینین؛ شاعیر یار و نەیاری بەیەکەوە ناوبردووە، ئەگەر چی ڕێوی ڕەمزی فێڵبازییە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ سروشت و ژینگە هێمای جوانی خۆی هەیە بە منداڵان دەڵێت گیانەوەران باش بناسن، چونکە سروشت بە هەموویان شانازی دەکات.

سەیــــری بنــــار ئــــەم ڕەوەزە
چەندە جوانە ئــــــەو مـامـــــزە
سەیری ئاسمان گشـــت باڵدارن
بەریز دەفڕن چەند جوان دیارن (داریاس، 2011، 41)

سروشت و پێکهێنەرەکانی سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمی ئەدەبییە، دیمەنە جوانەکانی سروشت هۆکارێکە بۆ ئەوەی بیر و ئەندێشەی منداڵ گەشە بکات و ڕێگایەکە منداڵان دەتوانن شتەکانی دەوروبەریان بناسن، لێرەدا دوو بنەمای گرنگ لە ناخی منداڵدا بەدی دێت ئەوانیش بریتین:

أ- بەو دیمەنەی شاعیر دروستی کردووە، باشتر سروشت دەناسێت.

ب- هەستی ئارامی و خۆشی زۆر وەردەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤-٣/٢ ڕەخنەی ژینگەیی شوانکارەیی**

ئەدەبی شوانکارەیی ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کەتێیدا گوند و سروشت و ژینگەکەی پەسەند دەکرێت و شاعیر و نووسەران لە چوارچێوەی تابلۆ و ژینگەیەکی تەندروست و پارێزراو وێنای دەکەن، کە بە هەندێك هۆکار بەرەو پیسبوون دەچێت؛ بۆیە ڕەخنەی شوانکارەیی ((پشت بە هەبوونی هاوسەنگی لە سروشت دەبەستێت، پشت بە نموونەیی بوونی سروشت دەبەستێت، کە ئەم نموونەیی بوونەی سروشت لە سەردەمی هاوچەرخدا شکستی هێناوە و ڕووبەڕووی ڕەخنەی ژینگەیی بۆتەوە)) (عەبدوڵلا، 2022: 98)، چونکە دوای مۆدێرنێتە مرۆڤ زیاتر بەرەو تەکنەلۆژیا و زیاد بەکارهێنانی وزە و شێواندنی ژینگەیی هەنگاوی نا، چونکە ((گەشەی تەکنەلۆژیا بووە زەمینەسازی دەستکاری مرۆڤ لە سروشتدا و هەروەها ئاسانکاری بۆ زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ژینگەی سروشتی، ئەمەش قەیرانی جۆربەجۆری ژینگەیی بەدوادا هاتووە، لەوانە پیسبوونی ژینگە،... پیشەسازی ئاڕاستەنەکراو و گەشەی دانیشتوان، کە لە ژێر ئاڕاستەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریدان، ژینگەی مرۆڤیان خستوەتە بەردەم پیسبوونەکانی سەخت و بەرفرەوان)) (ڕەئوف، 2023: 56)).

کچە کوردم خەڵـــــکی گوندم
جــــــوان و وردم دەست و بردم
من دەخوێنـــــــــم تۆو دەچێنم
دار دەڕوێنــــــم بــــەرهەم دێنم (دارياس، 2011، 47)

ژینگەی جوانی و خۆشی گوندێکی کوردستانی، وەك تابلۆیەکی جوان نیشان داوە، کە پەیامی لە ناو کۆمەڵگای کوردی بە نیشاندانی کچێکی گوند نەخشاندووە، ئەوە ئاماژەیەکی ڕوونە شاعیر دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کەوا کچی کورد جوانە و لە گوندیش بێت ئەوا سیمای جوانتری گوندی پێدەرخستووە، دەیەوێت بە منداڵان بڵێت کاتێك لە گوند دەژین، یان دەچن بۆ سەردانی گوندەکان دیمەنی زێدی باب و باپیران لە بیر نەکەن، کە ئەوان چەند بە سادەیی ژیانیان کردووە لە لایەکی ترەوە منداڵان بەوە ئاڕاستە دەکات پێویستە دەستی باش و چاکە بن بۆ جوانکردن و سەوزکردنی گوندەکەیان، شاعیر ئاماژەی بە ڕەفتارێکی جوان کردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پاڵ خوێند، منداڵ دار دەڕوێنێت و نەمام ئاو دەدات ئەوەشی خستۆتەڕوو کە بە دڵنیاییەوە دوای ئەنجامدانی ئەو کارە بەرهەمی جوانی دەبێت، هانی هەمووان دەدات گوندەکانی وڵات بە دەستی ئەوان جوان و ڕەنگین دەبێت. تاوەکو هەمووان چێژ لە سروشتی جوانی گوندەکان بکەن.

هەر بە پـــاکی جوانـــە وڵات
بەر چاو دەبێ شار و دێـــــهات
کەسێ ژیر بێ دەبێ پـــاك بێ
شەیدای جوانی ئاو و خاك بێ (دارياس، 2011، 17)

قەرەباڵغی کۆبوونەوەی خەڵك لە شارە گەورەکان هۆکارێکە بۆ تێکچوونی ژینگە، شاعیر شار و دێهاتی، وەك یەك باسکردووە، چونکە ژینگە هەڕەشەی لەسەر بوو لە گوند بێ، یان شار مەترسی دروست دەکات بۆ هەمووان؛ بۆیە داوا دەکات ئەوانەی ژیرن شەیدای بۆنی خاك و نیشتمانن پیسی ناکەن، چۆن چاوەکانی دەپارێزێت بە هەمان شێوە ئاو و خاکەکەی دەپارێزێت. ئەمەش ڕاستییەك لە لای منداڵ دروست دەکات، کە هەوڵی خۆی بۆ بخاتەگەڕ تاوەکو ژینگەی شار و دێهات بە جوانی خۆی بهێڵێتەوە.

گەر کۆوەبێ زبـــڵ و زارمان
وێران دەکا گوند و شارمان (دارياس، 2011، 33)

شاعیر ژینگەی گوند و شاری یەکسان کردووە، گەر هەر کامێکیان پیس بێت، دەبێتە هۆی ماڵوێرانی تێکچوونی ژیان، ئەمڕۆ بە هۆی پاشماوەی بە جێماوی مرۆڤەکان نەبوونی هۆشیارییەکی پێویستە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگا ژینگەی گوند و شارەکان پیس بووە، ئەمەش دواجار مەترسی تەندروستی لە سەر ژیانی مرۆڤ و گیانەوەران دروست کردووە، شاعیر جدییە لەو بابەتە ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە بوونەتە هۆکاری کۆبوونەوەی زبڵ و خاشاك، ئەو جۆرە کەسانە بێزارکەرن و کەس خۆشی ناوێن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥-٣/٢ ڕەخنەی ئیکۆ پۆست کۆلۆنیالیزم:**

ئەم جۆرە ڕەخنەیە چەقی کارکردنی ڕووبەڕووبوونەوەیە، لەگەڵ داگیرکاری، مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ یان مرۆڤ بەرامبەر هەرپێکهاتەیەکی ژینگەیی تر((بریتییە لە ئەدەبیاتی دژایەتیکردن، واتا دژی چەوساندنەوەیە)) (عەبدوللا، 2022، 101)، کە زۆرجار بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی یان دابونەریتەکانی کۆمەڵگا و جۆرێك لە کەلتور پەیدادەبێت و گشت کایە و پێکهاتەکانی ژینگە و سروشت دەگرێتەوە، "گلۆتفلی و فرۆم" لە کتێبی " خوێنەری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی" تیشکیان خستۆتە سەرئەوەی کە باسەکە ((باسی کیشەی نەبوونی هۆشیارییە، کە وایکردووە ژینگە و تەمەنی ژینگەیی سنوردار بێت، هەروەها هۆشیاری کەم بێت لەسەرئەوەی کە چۆن دەرئەنجامی کارەکانی مرۆڤ سیستەمی پاڵپشتیکردنی ژیان لەسەر هەسارەکەمان تێکدەدەن، ئەگەر ئێمە بەشێك نەبین لە چارەسەرەکان، ئەوا دەبینە بەشێك لە کێشەکان)) (هەمان سەرچاوە، 101).

نەکەی کـــاکە بە هیچ جۆرێ
کـــــــارێ بکـــەی کە بتۆرێ
جا هەر جـــۆرە باڵنـــــدە بێ
با ئـــــــاژەڵی درنـــــــدە بێ
ژینگە جوانە بە گیـــــانداران
بە درەخت و مێــــرگ و داران
کاتێ کە چوی بۆ ناو جەنگەڵ
بەر پا نەکەی ئـــاگر و دوکەڵ (داریاس، 2011، 39)

شاعیر هاتووە پەنجەی لەسەر برینەکان داناوە ئەو شیعرە لە ڕاستیدا مەترسییەکانی باش دەرخستوون و ڕەخنەی توند لەوانە دەگرێت، کە بوونەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ژینگە. ژینگە بە چەندین هۆکار زیانی پێدەگات، ئاگر و ڕاو هۆکاری شێواندنی ژینگەن و لێرەدا شاعیر دوو فاکتەری داگیرکاری ژینگەی بەکارهێناون. ناکرێت مرۆڤ بۆ وەرگرتنی خۆشییەکی کاتی دەستی بچێتە وێرانکردنی ژینگەکەی، ئەمرۆ بە زۆر هۆکاری تێکدەرانە مەترسییەکان لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگە دروست بوون، ئەگەر منداڵ لە ڕێگەی ئەدەبەوە پەروەردە بکرێت و تاکێکی خزمەتکار بە ئاو و خاك و گیانەوەران دێتەئارا، چەندە جوانە ئەو کاتەی منداڵ فێر بێت ئەو بابەتە پەروەردەییانە لەلای ببنە بەها و لە زەینیدا بەردەوام گەشەیان پێبکات و پارێزگاری لەو بەهایانە بکات، دواجار مرۆڤێکی بەخەم بێت بۆ کۆمەڵگاکەی.

**٦-٣/٢ ڕەخنەی ژینگەیی دەروونی**

تایبەتە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، ئەو جۆر ژینگە و هۆکارە ژینگەییانەی ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ((مرۆڤ دۆستی ژینگەیە لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی دۆستی یەکتر بن دەبێت مرۆڤ دەست لە خود پەرستی هەڵگرێت، لەم کاتەدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی و ڕێکوپێکی، لەم دۆخەدا مرۆڤ و سروشت یەکتر دڵخۆش دەکەن و ئاگاداری پێداویستییەکانی یەکتری دەبن و هیچیان هێرش ناکاتە سەر ئازادی ئەوی دیکەیان)) (عەبدوڵلا، 2022: 102). مرۆڤ لێرەدا دەبێت هۆشیارانە مامەڵە بکات ئەوە بزانێت، کە چ جۆرە ژینگەیەك ئاسوودەیی دەروونی پێدەبەخشێت و چێژ لە لایەن و ڕەهەندێکی ژینگەیی دەبینێت؛ بۆیە دەبێت پارێزگاری لێبکات و پەرەی زیاتری پێ بدات و هەوڵی کاولکردن و پیسبوونی نەدات، کە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەروەردە و ناخی خودی هەر تاکێکەوە هەیە.

ئــــەوەی لە لای زۆر گرینــــگە
پاکـــــو جوان بێ هەموو ژینگە
ژینــــــگە پاکی بەختـــــیاریە
لابــــەری خـــــــەم .. بێزاریــــە (داریاس، 2011، 23)

مرۆڤ بەردەوام بە دوای خۆشیدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئاسودە بێت، گەشت و سەیران ئەنجام دەدات، کاتێك لە منداڵییەوە فێر بوو کە ئەو شوێنە بە پاك و خاوێنی جێبهێڵێت، هۆکارێکە بۆ ئەوەی خۆیی و کەسانی تریش بە ئاسودەیی لەو ژینگەیەدا پشوود بدەن، چونکە ژینگەی پاك لابەری خەمە و دڵ خۆشیان دەکات، منداڵ چۆن پەروەردە بکرێت هەر ئەوەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسایەتی لە ئایندەدا، تاوەکو بە تەمەنێکی درێژ بەردەوامی بە ژیان بدات، گەر فێر بوو ژینگەی پاك تەندروستیە ئەوا هەرگیز پیسی ناکات، چونکە دەزانێت پیسی سەرچاوەیە بۆ بڵاوکردنەوەی میکرۆب و نەخۆشییەکان بەردەوام هەوڵی پاك ڕگراتنی ژینگەکە دەدات، تاکو دەروونی ئاسودە بێت و خۆشییەکانی بەردەوام بێت.

گـــــــــــەر ببینم ژینگەم پیس بێ
گوڵ و خونچەم چرچ و سیـــــس بێ
گۆم و ڕوبــــــار پڕ کـــــــــەلاك بێ
زبـــڵ و خاشـــــاك لە سەر خاك بێ
بۆنـــــــــی هەوام نا ســــــازگار بێ
زبڵدانـــــــــمان لە ناو شـــــــار بێ
وە پیس بـــــێ کانـــی و ئـــــاوم
تــــاریــــك دەبێ هــــەر دو چاوم
یـــــا ببینـــم قوتـــــابخـــــــانـــه
کـــــەوا مــــاڵی هەمــــوومـــانه
نــــــــــاپارێزن پیـــــســکـــراوە
گوێی نـــــادەنێ لە گـــشت لاوە
تـــورە و پـــــــــەست و بێزار دەبم
زۆر مـــــــەلـــــــول و غەمبار دەبم
خـــــۆ گەر پاك بین هەر هەمووومان
جوانتر دەبێ ڕەنگ و ڕومــــــــــان (داریاس، 2011، 19)

منداڵی هۆشیار بە پێچەوانەوە گەر ژینگەی شێواو و پیس بێت غەمباردەبێت و دەروونی ئازاری دەدات و هەست بە بێزاری دەکات درك بەوە دەکات، کە هەر یەکەمان ئەرك و بەرپرسیارێتیمان هەیە بەرامبەر خاك و ئاوهەواکەی، نابێت بە هیچ جۆرێك بەشداربین و ببینە هۆی بێزارکردن و ناڕەحەتی بۆ کەسانی تر، پاك و خاوێنی کارێکی پیرۆزە، بەردەوام

چێژبەخشینە، ڕاستەوخۆش لە ڕوخسار و ڕووکارییان ڕەنگدەداتەوە. پەروەردەی ئیکۆلۆژی بۆ منداڵان گرنگ و پێویستە، لە ڕێگەی ئەدەبی منداڵانەوە بە تایبەت شیعری منداڵان دەتوانرێت ئەو کارە بەرهەمدارتر بێت، چونکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت دەستنیشانی گرفتەکان بکرێت و چارەسەریان بە ڕوونی بخاتەڕوو، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشی و چێژبینینی منداڵان و گەورەساڵان. ئیکۆلۆژیای ڕەخنەیی ئەدەبی کار لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری منداڵ دەکات، بە هەوڵ و کۆشش چەوتی و نارێکییەکانی پێ ڕاست دەکاتەوە. بە پێی شیکاری ڕەخنەیی کاتێك مرۆڤ دڵخۆش دەبێت، کە ژینگەکەی پاك بێ؛ بۆیە ڕەخنەی ژینگەی بۆ جیهانی منداڵان پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە بنەما و تایبەتمەندییەکانی ژینگە و ئاشنایان ببێت، هەستی بەرپرسیارێتی بۆ دروست دەبێت و لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە دەبێت و هەموو ڕێگاکان بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگە بۆ ڕۆشن و ڕووناك دەکاتەوە.

## ئەنجـــــــــــــــام

1- ئەدەبی منداڵان زەوییەکی گونجاو و بەپیتی چەکەرەکردنی ڕەخنەی ژینگەییە.
2- پەروەردەی ژینگەیی بنەمایەکی پێویست و دروستە لە پەروەردەکردنی منداڵ و دەقی ئەدەبی منداڵانیش کەرەستە و ئامرازێکی سەرەکی بەدیهێنانیەتی.
3- دارپاس لەم نامیلکە شیعرییەدا سەرکەوتووانە ڕەخنەی ژینگەیی خستۆتە بەر دیدی منداڵان و بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی عەقڵی ئائاگای کردوون.
4- ڕەهەندی پەروەردەیی و ناساندن و هۆشیاری و و ئیستاتیکای ژینگەیی زۆر بە قووڵی و فراوانی لە بەرهەمەکەدا دەبینرێن.
5- هەموو جۆرەکانی ڕەخنەی ژینگەیی گونجاو، لەگەڵ هزر و تێڕامانی منداڵ وەك: ڕەخنەی ژینگەیی قووڵ و فیمینیستی و شوانکارەیی و دەروونی و ئاژەڵی و پۆست کۆلۆنیالیزم لە بەرهەمەکەدا بەرجەستەکراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### أ- کوردییەکان

1- تاحون، زکریا(د.)، 2014، بەڕێوەبردنی ژینگە بەرەو خاوێنترین بەرهەم، وەرگێڕانی ئەحمەد عەلی ئەحمەد، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
2- داریاس، محەمەد، 2011، منداڵ و ژینگە (نامیلکە شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە فەرمانگەی هۆشیاری و ڕاگەیاندنی ژینگە، هەولێر.
3- ربیع، عادل مشعان(د.)، هۆشیاری ژینگەیی، وەرگێڕانی: ئەحمەد عەلی ئەحمەد، دەزگا ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
4- ڕەئوف، سەید حەمید ڕەزا،2023، ڕوانگەی جەلالەددینی ڕۆمی بۆ ژینگەی سروشتی، وەرگێڕانی: فاخیر عەلی عارف، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران.
5- عەبدولقادر، کەیفی ئەحمەد، 2022، ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
6- محەمەد، فوئاد ڕەشید، 2018، شیعری وەسێتنامەی زەوی (کەژاڵ ئیبراهیم) لەبەر ڕۆشنایی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.
7- هەورامی، حەمە کەریم، 2007، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین لێکۆڵینەوە، نرخاندن، میکانیزمەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

### ب-عەرەبییەکان:

1- بورتيوس، دوجلاس، 1996، علم الجمال البيئي أفكار و سياسات و خطط، ت: عارف صديقة، مكتبة الأسد، دمشق.
2- حمداوي، جميل، نظريات النقد الأدبي و البلاغة في مرحلة ما بعد الحداثة، PDF، الموقع http//www.alukah.net/library/o/60527
3- الخليل، سمير(د.)، 2022، مراجعة و تعليق:سمير الشيخ(د)، دليل مصطلحات الدراسات الثقافية و النقد الثقافي إضاءةتوثيقية للمفاهيم الثقافة المتداولة، منشورات الأتحاد العام للأدباء و الكتب، العراق، بغداد.
٤- السلطاني والعلي و الجنابي، ايمان مطر، زياد طارق(د)، ورواء جليل، 2021، النقد البيئي أفق أخضر في الدراسات النقدية المعاصرة، مجلة اللغة العربية و ادابها عدد 23.
5- مكسح، دليلة(د.)، 2015-2016، ملامح الشعر الايكولوجي في الجزائر، مجلة فكر، عدد13.
www.fikr mag.com.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج- نامەی ئەکادیمی:

1- عەبدوڵلا، سۆران مامەند، 2022، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلیژی زمان.

---

# Environmental Criticism in Mohammad Daryas' Poetical Leaflet (Children and Environment)

**Omer Mohammed Salih**
Department of Kurdish, College of basic education, University of Raparin, Raparin, Kurdistan Region, Iraq.
Email: omer.mohammed@uor.edu.krd

**Hero Abdulrahman Mustafa**
Department of Soil and Water, College of Agriculture Engineering Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hero.mustafa@su.edu.krd

**Safya Muhammed Ahmed Chomani**
Department of Kurdish, College of basic education, University of Raparin, Raparin, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Safya.kurde@uor.edu.krd

***Keywords****: environmental criticism, children literature, environment, education, pollution*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Environmental Criticism in Mohammad Daryas' Poetical Leaflet (Children and Environment) Environmental criticism as a new method, sheds light on natural environment and earth. It states the factor, source, natural disaster and artificiality that lead to destruction and pollution in various kinds. Few researches have been conducted about it in Kurdish literary criticism and the whole researches have been done in great literature. Whereas this criticism has intensively reflected in children literature and it will increase in quantity. Children literature is, including all genres along with importance, function, and aesthetics, paying too much attention to children and it is one of the basic types of this literature. Thus, fixing basics, protection guidelines, development, and serving environment must be formulated a detailed plan from education; the poets and writers of Kurdish literary children had written several products about it. This research is descriptive and makes up of some parts: The first part is devoted to concept, definition of environmental criticism and its significance in children literature especially those types that are necessary to be known by children at the early of their ages that immediately fix in their idea and memory and reflect on their behaviours. The second part is a relation between environmental criticism and children literature and all of the kinds of environmental criticism that the poet mentioned in this leaflet that directly influence upon unconscious children's mind.Finally, conclusions and sources are put at the end of the research.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

النقد البيئي كالنقد جديد و المعاصر يتعارض مع المبادئ البيئية للطبيعة والأرض من خلال تعريف الأعمال والموارد والكوارث الطبيعية والاصطناعية التي تسبب فى تدمير وتلوث البيئة بأشكال ومعدلات متنوعة. في النقد الأدبي الكردي، وإن كانت بعض الدراسات قد تمت اجرائها ولا تصل إلى أصابع اليد، وكل هذه الدراسات تمت في أدب الكبار، أما في أدب الأطفال، فقد انعكس هذا النقد بشكل مكثف ودقيق جدا و يزداد يوما بعد يوم من الناحية الكمية. ويعد أدب الأطفال بأنواعه أحد ركائز وأهمية وجماليات لدى الأطفال واستمتاعهم، وأحد أسس هذا النوع من الأدب، لذلك فإن إرساء المبادئ والإرشادات لحماية البيئة وتطويرها وخدمتها يجب أن يطور ويبدأ من التعليم ويصاغ له قوانين محكمة، وقد كتب عنه شعراء وكتاب أدب الأطفال الكردي العديد من الأعمال. ويتمركز بحثنا حول هذا المحور وقد عملنا وفقا لمنهج وصف التحليل ويتكون من عدة فصول:

**الفصل الأول**: يختص بمفهوم وتعريف النقد البيئي وأهميته وضرورته في أدب الأطفال، وخاصة الأنواع والجوانب الضرورية والمهمة التي يعرفه الأطفال في المراحل الأولى من حياتهم، والتي تكون جزءا لا يتجزأ مباشرة من ذاكرتهم وفكرهم، وكذلك في أفعالهم وسلوكياتهم. ويساهم بشكل مباشر في الحفاظ على القيم والمبادئ البيئية وتطويرها.

يركز الفصل الثاني من بحثنا على العلاقة بين النقد البيئي وأدب الأطفال ومن ثم جميع أنواع النقد البيئي التي ذكره الشاعر في كتيبيه ولها تأثيرات مباشرة على العقل اللاواعي للأطفال وتربية الأطفال في هذا المجال.

وتم عرض وتلخيص نتائج البحث في عدة نقاط. مع ذكر المصادر التي تم استخدامها.